www.kurdistannet.org
8-3-2007 1:01 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ژنان و ئافرەتانی کوردستان لە (8) مارسدا بەچی دەنازن ... هێشوو حەسەن

ئەگەر سەرنج بدەینە کار و پەیرەوی هەر ڕێکخراوێکی ئافەرتان و ژنان لە کوردستان ئینجا (ngo) بێت یان غەیری ((ngo بە درێژایی ساڵێکی ڕێك چاوەڕوانی ڕۆژێك دەکەن کە بە (8) ی مارس ناوزەد کراوە لەو ڕۆژەدا ئیتر دەکەونە خۆ و ئەوەی لە هەگبەیاندایە هەڵی دەڕژن و هەموو دروشمەکان لەم ڕۆژەدا زیندوو دەبنەوەو بەدەم خۆڕازاندنەوەی ئەندام و لایەنگرانی ڕێکخراوە کانیان دەکەونە هەڵپەڕین و نوقڵ بەشینەوە کە گوایە ئەو ڕۆژە ڕۆژی جیهانی ژنانە بەڵی (8) ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنە بەڵام ئایا ژنانی کوردستان مەبەستم لە ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ژنان و ئافرەتانە توانیویانە ئەو سەروەریە بەدەست بێنن کە پێوەی بنازن و ئاهەنگ بگێڕن.

بێگومان زۆرن ئەو نایەکسانیانەی لە نێو ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان بەدی دەکرێن بەڵام ناکری هەموویان لە بابەتێکی ئاوادا باس بکەین، ئێمەی ئافرەت هەمیشە چاومان بڕیوەتە یەکسانی و هاوسەنگی لە نێوان ژن و پیاودا بەڵام ژنان خۆیان لەناو خۆیاندا کۆك نین و ئەو هاوسەنگی و یەکسانیە لە نێو خودی ژنان بەدی ناکرێت کە بەڕاستی ئەوە جێی هەڵوەستە لەسەر کردنە کە بۆ ئەو کردووەیە بەڵگەی زۆر لەبەر دەستدایە دەکرێت لێرەدا تیشکێك بخەینە سەر بەشێك لەو نا عەدالەتیەی کە ژن پێوەی گرفتار بووە پێوەی دەناڵێنی.

بێشك ئەگەر باس لە گەندەڵی و بێ ئاگایی ئیدارە یان ڕێکخراوو پارتەکانی کوردستان بکەین ئەوا دەبێت بە پشکی شێر بۆ دامەزراوەکانی ژنان و ئافرەتان دیاری بکەین بەڵام گەندەڵی و بێ ئاگابونی دامەزراوەکانی ژنان زۆر تایبەت ترە ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ حزب و حکومەت و دامەزراوەکانی تر یەکێك لەو نمونانە ئەرکەکانی حکومەت دەبێت لە بەرژەوەندی تێکڕای چین و توێژەکان بێت، بەڵام تا گەیشتوینەتە ئەو قۆناغە حکومەت نەیتوانیوە لەو بازنەیە ڕزگاری ببێت کە پێی دەوترێت گەندەڵی، بەڵام بۆ دامەزراوەکانی ژنان کەوتونەتە ئەو بازنەیەوە هەڵبەت ئەو گەندەڵیەی بەرۆکی ژنانی گرتوە کەمتر نیە لەو گەندەڵیەی کە حکومەت پێوەی دەناڵێنێت بۆ نمونە دکتاتۆریەتی هەندێك ژن و ئافرەتی باڵادەست تێکڕای ژنان و ئافرەتانی خستۆتە بەردەمی پرسیارێکی واقعیانە کە بێگومان ئەو پرسیارە کەسێك نیە لە ئێمەی ژن لێمان نەکرابێت و پێمان نەوترابێت بۆ چاکسازی و یەکسانی لە نێو خودی ژنان نایەننەکایەوە، بێشك ڕاستی ئەم با ئێمە هەموو نا عەدالەتیەکان نەخەینە ئەستۆی پیاو با ئێمە بە خۆماندا بچینەوە با ڕێگە بدەین گۆڕان درووست ببێت نەك ڕێگر بین پیاوان پێمان دەڵێن ئێوە بۆ خۆشگوزەرانی ژنان و ئافرەتان تێدەکۆشن بەڵام لە دامەزراوەکانتان ناعەدالەتی بەدی دەکرێت لە زۆر ڕووەوە وەك موچە و دەوام و چەوساندنەوەی چینی خوارەوە ئاخر هەر لە نێو چینی ژنان ئێستا سی تەبەقە هەیە کە پێیان دەڵێن چینی سەرمایەدار و چینی ناوەندی و چینی ژێر و ڕۆچوو قاڵبووەوە بە باری گوزەرانی خۆی و ماڵ و منداڵەکانی، هەر لە نێو دامەزراوەکانی ئافرەتان و ژنان زەوی بۆتە کێشەیەکی مەزن کە لێپرساو پارچە زەویەکەی بە زیاتر لە ملیۆنێك دۆلار دەفرۆشێت بەڵام باجیەکەی ڕازیە ئەگەر لە لادێیەکیش پارچەیەك زەوی پێبدرێت ئاخر باجیەکەش ژنە خۆ ئێمەی ژن داوای یەکسانی دەکەین ئەی ئەگەر ئێمە خۆمان یەکسان نەبین داوا لە کێ بکەین یەکسان بین لە گەڵیان، لێپرساوانی ژنان و ئافرەتان ڕۆژانە لەگەڵ ڕەنگی جلەکانیان ئۆتۆمبێل دەگۆڕن لەبەر باری ئەمنی10دە پاسەوان دەوریان گرتووەکە لە ئۆتۆمبیلەکەی دادەبەزێت واهەست دەکەیت (هلاری کلنتۆن) بەسەردانێکی کت و پڕ گەیشتۆتە ئەم وڵاتە بەڵام ئەندام و باجی و کار گوزارەکان بە هیوای ئەوەن ڕۆژێك ئۆتۆمبیلی دەمەزراوەکەیان بیابگەیەنێتەوە بەر دەرگا قوڕاویەکەی ماڵ، لە نێوان (8) ی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

مارسی پار و ئەمساڵدا دوو زەماڵەی خوێندن بۆ كچ و زاواكەی لێپرساوی یەكێك لە سەركردەكانی ژنان بوو كەچی هەر لەڕێكخراوەكەی ئەودا ژن و كچی وا بی دەرامەت و بە توانا كەفائەت هەیە ئێستاش خەو بە زەماڵەوە دەبینی، بۆیان باسكردم بەرپرسی یەكێك لە ڕێكخراوەكانی ژنان مامەڵەی ئەرزە دەكات كەچی ئەندامانی دامەزراوەكەی ڕۆژانە سەدان فرمێسك بۆ باری كرێچیەتیان لای ئەو هەڵدەڕێژن، لێپرسراو موچەكەی لە سەروی سی ملیۆن دینارە بەڵام لە خوار ئەو مووچە لە سەد هەزار دینار دەست پێدەكات و زۆرتریان دەبێتە سی سەد هەزار، ئەمانە مشتێكن لە خەروارێك ئەوانە بەشێكن لەو نا یەكسانیەی كە ژنان پێوەی دەناڵێنن ئەوانە هەموو پرسیاری ئەمڕۆی ژنان و ئافرەتانی بی پشت و پەنان ئیتر بۆ كە (8) مارس هات دەكەونە خۆتان و نوقڵ دەبەشنەوە چیتان كردووە بۆ باسی ناكەن!!!، لەم ماوەی پێشوو دا یەكێك لە دەستە خوشكەكانم كە كارمەندە لە دادگا بۆی گێڕامەوە كە پیاوێكی نەخوێندەواری بەتەمەن و گوندنشینتان بە گیر هێنابوو چونكە ژنی دووەمی هێناوە ئەو پیاوە بەستەزمانە نەیزانیوە هیچ قسەیەك بكات تەنها ئەوەندە نەبێت بە نوێنەری ژنان و ئافرەتان و دادگای وتوە (ئەگەر ئازان ئەو مەنسولانە بێننە دادگا ئاخر ئێوە بەس بۆ خەڵكی فەقیر ئازان. . . ) هەڵبەت ئەو پیاوە نەخوێندەوارە دركی بە ڕاستی و ناعەدالەتی ژنان كردووە بۆیە بەم شێوەیە هاتۆتە قسەكردن بەڵی ئەو ڕاستی وتووە ئێمەش ئەو ڕاستیە دەزانین تا ئێستا هیچ ڕێكخراوێك نەیتوانیوە ڕی لە بەر پرس و دەست ڕۆیشتوەكان بگرن كەكارێكیان پی بكرێت زاتی ئەوە نەكەن بیر لە ژنی دووەم و سێیەم بكەنەوە، ئیتر كە ئێمەی ژن خۆمان یەكسان نەبین و ناعەدالەتی نێو دامەزراوەكانمانی بۆگەنكردبێت ئیتر بۆ باسی یەكسانی و هاوسەنگی بكەین بۆ لە (8) ی مارسی هەمووساڵێكدا خۆمان بڕازێنینیەوە و بكەوینە هەڵپەڕین حەق بوو لە (8) ی مارسی هەموو ساڵێكدا بەخۆداچونەوەو ڕەخنە لەخۆ گرتن و یەك خستنی تەنها ناوێكمان بكردبا بە پرۆژەو بە جدی قسەی لەسەر كرابا وەك چۆن شاعیری گەورە عەبدوڵڵا پەشێو دەناڵێنی بەدەستی ناوەكانی ژنان كە دەڵێت (نازانم بڵێم ژن یان ئافرەت) ڕاستی وتوە ئەوەتا من نازانم بڵێم ژن یان ئافرەت ئەگەر هەر یەكێكیان بەكار بێنم ئەوی تریان لەسەر لیستی لایەنەكەی تر دەمخوێننەوە بۆیە لە نوسینەكەم هەردوو ناوم بەكار بردووە ببورن ئەگەر ناوێكم لە ناوێكی تر زیاتر بەكار هێنابێت تكایە لەسەر هیچ كام لە لیستی (ژن و ئافرەت سەوز و زەرد ) هەژمارم مەكەن. نوسینی. . . . .

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.